# ناوەندگیری لە گرێبەستی

## داواکاری بۆ دروستکردنی شتێک (الاستصناع)

[ kurdish – کوردی – كردي ]


## شێخ موحەممەد ساڵح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1436

IslamHouse.com

# الوساطة في عقد استصناع

« باللغة الكردية »

## الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# ناوەندگیری لە گرێبەستی

## داواکاری بۆ دروستکردنی شتێک (الاستصناع)

ئـەم پرسیـارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار** : من حەزم لە کڕینی زەوی (یان خانوو) یەك بوو، ئەکەوێتە نێو پڕۆژەیەکی نیشتەجێ بوونەوە کە تا ئێستاش خەریکی کارکردنن تیایدا، مەبەستیش لە کڕینی ئەم خانووە ئەوەیە پاش ماوەیەکی کەم بیفرۆشمەوە بۆ ئەوەی قازانجێکی لێ بکەم، لەکاتی واژووکردنی گرێبەستی کڕین وفرۆشتنی ئەو خانووەدا ڕێژەیەکی دیاری کراو دەبێت بدەم بە خاوەنی پڕۆژەکە کە بەشێکە لەنرخی خانووەکە، پاش ئەوە من دەگەڕێم بە شوێن کڕیارێکدا تاوەکو ئەو خانووە تەواو نەکراوەی پێ بفرۆشمەوە، بۆ ئەوەی قازانجێك بەدەست بهێنم، بەڵام هێندە هەیە لەم حاڵەتەدا گرێبەستی کڕین وفرۆشتنەکە تەنها لەنێوانی ئەم

کڕیارە تازە و خاوەنی پڕۆژەکەدایە، ئەم جۆرە مامەڵەیەش زۆر بەربڵاوە لەنێو هەموو خەڵکیدا، ئایا ئەم جۆرە کڕین وفرۆشتن ومامەڵەیە دروستە ؟ وە ئەگەر دروست نییە ئایا دەبێت چی بکەین تاوەکو مامەڵەکە بە پێی شەریعەتی ئیسلام بێت ؟

وە ئایا حوکمی وەرگرتنی (عمولە) چیە ئەگەر هاتوو من وەری بگرم وەك نێوەندگیرێك لەنێوان کڕیارە تازەکە و خاوەن پڕۆژەکەدا ؟ وە ئایا ئەگەر دروست نییە، چی بکەم تاوەکو مامەڵەکە بەپێی شەریعەتی ئیسلام بێت ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

**یەکەم** : دروستە عەقارات و خانوبەرە لەکاتێك کە تەواو نەبووبێت وسەرگەرمی کاردن بیت تێیدا بە پارەی حازر یان بە

(قسط) کڕین وفرۆشتنی پێوە بکرێت، ئەمەش شێوەیەکە لە شێوەکانی گرێبەستی داواکاری دروستکردن ( عقد الاستصناع )، گرێبەستی داواکاری دروستکردنیش وەك گرێبەستی (سەلەم) وایە، بەڵام لەڕووی هەندێك حوکمەوە لە گرێبەستی (سەلەم) فراوانترە، لە گرێبەستی سەلەمدا ئەو کاڵایەی کڕین وفرۆشتنی پێوە دەکرێت دەبێت نرخەکەی پێش وەرگرتنی کاڵەکە بەیەکجار تەسلیم بکرێت، بەڵام لە گرێ بەستی داواکاری دروستکردندا ( الاستصناع) دروستە نرخەکەی پێشتر تەسلیم بکرێت، یان بەشێوەی بەش بەش ( تقسیط) .

لە (الموسوعة الكويتية) دا هاتووە و دەڵێت : " يجوز عقد الاستصناع - وهو عقد مقاولة مع أهل الصّنعة على أن يعمل شيئاً - مع أنّه يخالف القواعد ؛ لأنّه عقد على المعدوم ، إلاّ أنّه أجيز للحاجة الماسّة إليه وفي منعه مشقّة وإحراج " [ الموسوعة الفقهية " (١٩٢/٢٥)] .

واتا : گرێبەستی ( الاستصناع) گرێ بەستێکی دروستە، کە بریتیە لەوەی لەگەڵ یەکێك لەو کەسانەی کە ئەهلی (صنعەت) دروستکردنی جۆرێکن لە کەلوپەل ڕێك بکەویت لەگەڵیدا لەسەر ئەوەی لەسەر داخوازی خۆت شتێکت بۆ دروست بکات، لەگەڵ ئەوەی ئەم گرێبەستە پێچەوانەی بنەماکانی کڕین وفرشتنە، چونکە گرێ بەستە لەسەر شتێکی نادیار، بەڵام لەبەر پێداویستی زۆری خەڵکی وداخوازیان بۆی زانایان ڕیگایان پێداوە، چونکە ڕێگری کردن لێی دەبێتە هۆی نارەحەتی و مەشەقت بۆ خەڵك .

بە نسبەت ئەو گرێبەستەی جەنابیشتەوە دروست نییە ئەو خانوەی کڕیوتە بیفرۆشیت بەیەکێکی تر تاوەکو وەری نەگریت و نەبێتە موڵکی تەواوی خۆت، ئەویش بە بەڵگەی ئەم ڕیوایەتە : ( نهى أن يبيع الرجل ما ليس عنده ) [رواه الترمذي (١٢٣٢) ، والنسائي (٤٦١٣) ، وأبو داود (٣٥٠٣) ، وابن ماجه (٢١٨٧) ، وأحمد (١٤٨٨٧) ، وصححه الألباني في " إرواء الغليل" (١٢٩٢). ونهى عن ربح ما لم يضمن . رواه الترمذي (١٢٣٤) وقال: وهذا حديث حسن صحيح،

وأبو داود (٣٥٠٤)، والنسائي (٤٦٢٩)، وابن ماجه (٢١٨٨)، وأحمد (٦٥٩١) ، وصححه الألباني في "الصحيحة" (١٢١٢) ] .

واتا: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕێگری کردووە لەو کەسەی کە کاڵایەك بفرۆشێت وئەو خاوەنی نەبێت .

تۆیش ئێستا کە ئەو خانووە دەفرۆشیت هێشتا نەبووە بە موڵکی تۆ، قازانجیش لە شتێك دەکەیت کە تۆ زەمانی نیت ئەگەر فەوتان یان ڕوخانی بەسەردا هات .

ڕێگا چارەیش بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم مامەڵەیە ئەوەیە ئەو گرێبەستەی کە ئەنجامت داوە لەگەڵ خاوەنی پڕۆژەکە هەڵی بوەشێنیتەوە، پاشان خاوەنی پڕۆژەکە لەگەڵ کڕیارە نوێیەکەدا ڕێك بکەون لەسەر کڕینی ئەو خانووە، جەنابیشت تەنها وەك نێوەندگیرێك بیت لە نێوانیاندا – داوای دەلالانەی خۆت لەهەردوو لا بکەیت – چونکە ڕواڵەتی پرسیارکەی جەنابت ئەوە دەگەیێنێت کە ئێمە لێی تێگەیشتوین، چونکە گرێبەستەکە

ڕاستەوخۆ لەنێوان کڕیارە تازەکە و خاوەنی پڕۆژەکەدایە، نەك جەنابت و کڕیارەکەدا .

ئەو پێشەکیشە کە داوتە بە خاوەنی پڕۆژەکە دەتوانیت وەری بگریتەوە لە کڕیارەکە، وە دەشتوانی لە بریتی ئەو نێوەند گیریەدا قازانجێك وەك دەلآلانە وەربگریت .

**دووەم** : بەنسبەت ناوەندگیریەکەشتەوە لە نێوان کڕیاری یەکەم وکڕیاری دووەم، کە پێی دەڵێن (دەلآلی) لە سەر ڕای پەسەند وصەحیحی زانایان کارێکی دروستە و وەرگرتنی دەلآلانەیش (کرێیەك) لەهەردوو لای کڕیار و فرۆشیار بەپێی ڕێکەوتنی نێوانیان هیچ گرفتێکی تێدا نییە و دروستە .

لەبارەی وەرگتنی کرێی دەلآلانەیش پرسیار کرا لە شێخ ابن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) :

بەڕێزیان لەوەلآمدا ووتیان :

هیچ گرفتێکی نییە کە دەڵاڵ کرێی خۆی وەربگرێت، وەك ئەوەی خانوویەك یان پارچە زەویەك یان ووشترێك یان مەرێك یان بەندەیەك دەفرۆشێت، هیچی تێدا نییە کە دەڵاڵانەی خۆی وەربگرێت، [ لەماڵپەڕی شیخ ابن بازەوە وەرگیراوە ] .

جا مادام دروستە بۆ کڕیاری یەکەم بگەڕێت بە دوای ئەوەی کەسێك ئەم خانووە یان ئەم زەویە بکڕێت، لەهەمان کاتدا گرێبەستی کڕینی خانووەکەی یان زەویەکە لەگەڵ خاوەنەکەیدا هەڵبوەشێنێتەوە، هیچ گرفتێك نییە کە خۆی بگەڕێت بە شوێن کڕیارێکی تردا کە زەویەکەی لێ بکڕێت، یان لەڕێگای نێوەن گێرێکەوە بێت .

لەسەر ئەمەش، هیچ گرفتێك نییە بۆ جەنابت کە ببیت بە نێوەندگیر لەم مامەڵەیەدا، پاش ئەوەی تۆ گرێبەستەکەت لەگەڵ خاوەن عەقارەکەدا هەڵوەشاندەوە، خوای گەورەش زاناترە .

ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام .